هەرێمی کوردستان - عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
فەرمانگەی خوێندن و پلان دانان و بەدواداچوون

اقليم كوردستان - العراق
مجلس الوزراء
وزارة التعليم العالي والبحث العلمي
دائرة الدراسات والتخطيط والمتابعة

Kurdistan Regional Government
Council of Ministers
Ministry of Higher Education & Scientific Research

No: ژمارە: ٥ / ١٤٩٢٤
ڕێکەوت: ٦ / ١ / ٢٠١٦ ی زایینی
Date: ١٦ / ١٠ / ٢٧١٦ ی کوردی

## بۆ/گشت زانکۆکان

### ب / بڕیار

سڵاو و ڕێز...

بۆ ساڵی خوێندنی( ٢٠١٥ - ٢٠١٦ )وە بە هەمان شێوەی ساڵی پێشوو،وە لەبەر سەختی ئەم بارو دۆخە ی کە هەرێمی کوردستان پێیدا تێپەر دەبێت لە ڕووی ئابووری و شەڕی داسەپێنراوی تیرۆرستان بەسەر هەرێمەکەماندا،ئەنجومەنی وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی لە کۆبوونەوەی ژمارە (٧) لە ڕۆژی ٢٠١٥/١٠/٢٦ تیادا بەڕێزان لە لیژنەی پەروەردەو خوێندنی باڵای پەرلەمانی کوردستان ئامادەبوون کە لەم کۆبوونەوەیەدا تاوتوێی داواکاری قوتابیان و خوێندکاران کرا لەسەر هاوکاریکردنیان بۆ بارسووک کردن و بارگۆڕین لە ڕووی نمرەوە.دوای تاوتوێکردنی تێرو تەسەلی بابەتەکە بڕیاردرابە :-

پێدانی ( ١٠) نمرە وەک نمرەی بەخشراو بە قوتابیان و خوێندکاران بۆ سەر دەرئەنجامی تاقی کردنەوەکانیان تاکو لەهەردوو حالەتی بار گۆڕین و بار سوککردن سوودیان لێ وەربگرن . بەڵام ئەگەر زانکۆیەک یاخود پەیمانگایەک پاش دەرئەنجامەکان لەکاتی خۆیدا نمرەی بەخشراویان پێشکەش کردووە ئەوا ئەم نمرە بەخشراوە لەم (١٠) نمرەیە دەهێندرێتە دەرەوە کەواتە کۆی نمرەی بەخشراو نابێت لە (١٠) نمرە تێپەڕ بکات بە کۆی ئەوەی لەکاتی خۆی پاش دەرئەنجامی تاقی کردنەوەکان لەلایەن زانکۆکانەوە دراوە چ ئەوەی ئێستا بە بڕیاری ئەنجوومەنی وەزارەتمان بەخشراوە . بۆیە داواکارین پێداچوونەوە بە دەرئەنجامی تاقی کردنەوەکان بکەن لە ڕووانگەی بڕیاری ئەنجومەنی وەزارەت وە لە ڕێگەی ئەنجومەنکانی زانکۆ و کۆلێژەکانەوە کاری پێویست ئەنجام بدەن .

بۆ زانین لەگەڵ ڕێزدا...

د. یوسف گۆران
وەزیری خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی

وێنەیەک بۆ

- وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی / نووسنگەی وەزیر / لەگەڵ ڕێزدا.
- وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی / فەرمانگەی کارگێری ودارایی / لەگەڵ ڕێزدا.
- وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی / فەرمانگەی خوێندن و پلاندانان و بەدواداچوون / لەگەڵ بەرابیەکان.
- دەرکردە.